# بە ترووجانی (NetBus) کۆمپیوتەرەکەت کۆنترۆڵ دەکەن



**دڵشاد پەروانە**
**- سوید -**

### ترووجانی (NetBus) چییە؟

**پێشەکی**

هەندێ لە هاوڕێیان دەڵێن (NetBus) ڤایرۆسە و لەڕێی بەرنامە یارییەکان و ئینتەرنێتەوە بڵاو دەبێتەوە، من دەڵێم ڕاستە بەرنامەکە بڵاو دەبێتەوە، بەڵام بەرنامەکە خۆی ڤایرۆس نییە بەڵکوو ترووجانە. ترووجان بەرنامەیەکە کە خۆی وەک شتێکی بەسوود نیشان دەدات، کە گوایە بەرنامەیەکی بەکەڵکە. بەڵام لەڕاستیدا کۆدی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێ کە خەڵکی بەئاسانی دەتوانن لەو ڕێیەوە کۆمپیوتەری یەکێکی تر کۆنترۆڵ بکەن. بەڵام کە دەڵێن بەرنامەکە خۆی ڤایرۆسە بەڕاستی نازانم.

(NetBus)

بەرنامەی (NetBus) بەرنامەیەکی هاککردنە، ئەگەر چی بەرنامەیەکی بچووکە، قەبارەیەکی زۆر کەمی هەیە، بەڵام دەتوانێ زیانی زۆر گەورە بگەیەنێ. ترووجانی (NetBus)، هەندێ جار بەهۆی ئەو بەرنامانەی دایان دەگرین، دێنە ناو کۆمپیوتەرەکەمانەوە، بەتایبەت لە ڕێگەی بەرنامە یارییەکانی کۆمپیوتەر.

ئەگەر بەرنامەکە نەوەستێنیت، هەموو جارێ لەگەڵ دەست بە کاربوونی ویندۆز خۆی دەکەوێتە کار. هەر بە ترووجانەکە خەڵکی دەتوانن ژمارەی ئایپی ئەدرەسەکەت بدۆزنەوە. ئەمەش کاراسانی بۆ بەکارهێنەرانی ئەم بەرنامەیە دەکا.

ئەمەی خوارەوە وێنەی بەرنامەی (NetBus)ە، (وەشان version)ی (١,٦). وەک دەبینی بەکار هێنانیشی زۆر ئاسانە. جاران ئەم ترووجانە بە مەبەستی ڕابواردن بەکار دەهێنرا.

چوونە ناوی کۆمپیوتەری هاوڕێکەت بەهۆی ئای پی



ئەدرەسەوە بە هەر مەبەستێ بێ من بە ڕابواردن و گاڵتەی نازانم و، شتێکی خۆش نییە. ئەگەر چی لەوانەیە هەندێ جار بۆ ڕابواردن و گاڵتەکردن لەگەڵ یەکتریدا بەکاری بێنن، بەڵام کارێکی ناشرین و دزێوە.

وریا بە چونکە خەڵکی تەنها بە بەرنامەیەکی بچووکی وەک (NetBus) و هەروەها بە زانیارییەکی زۆر کەمی کۆمپیوتەرەوە دەتوانن کۆمپیوتەرەکەت کۆنترۆل بکە و زیانی زۆریش بە کۆمپیوتەرەکەت بگەیەنن. ترووجانی (NetBus) بۆیە زۆر بەزیانە چونکە خەڵکی بە زانیارییەکی زۆر کەمەوە دەتوانن ئامانجەکانی خۆیان بپێکن و چەندین ڤایرۆس و ترووجانت بۆ بنێرن، لەوانەیە بەکارهێنەرانی بەرنامەکە تەمەنێکی کەمیان هەبێ، باش لە ئەنجامی بەکارهێنانی بەرنامەکە نەزانن. ترووجانی (NetBus) خۆشی لەلایەن دژە ڤایرۆسەکانەوە وەک ترووجان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، لە بەشی خوارە باسی چۆنیەتیی خۆپاراستن کراوە لەم ترووجانە.

**بەکارهێنەری ئەم ترووجانە**

بەکار هێنەری (NetBus) دەتوانێ بەو شێوازانەی خوارەوە کۆمپیوتەرەکەت بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و ئامانجەکانی خۆی بپێکێ:

١ـ مشکی کۆمپیوتەرەکەت لەکار بخا. ئەوەش بە واتای ئەوەیە کە تۆ ناتوانیت کار بە مشکی کۆمپیوتەرەکەت بکەیت.

٢ـ بەرنامەی بەزیانت بۆ دابگریتە ناو کۆمپیوتەرەکەتەوە. بەکارهێنەری بەرنامەکە دەتوانێ بەرنامەیەک کە خۆی پێی خۆش بێ بۆت بێنێتە ناو کۆمپیوتەرەکە، ئەوەش بێگومان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە. کام لە جۆرەکانی پرۆگرام دێنێتە ناو کۆمپیوتەرەکەتەوە بۆخۆی بڕیار دەدا.

٣ـ تەماشای زانیاریی ناو کۆمپیوتەرەکەت بکا، سیخوڕی بکا، بۆ نموونە لەوانەیە سەیری زانیاریی نهێنیی تایبەت بەخۆت بکا.

٤ـ گوێ لە مۆسیقا بگرێ و دەنگ لە ڕێگەی مایکرۆفۆنەوە پاشەکەوت بکا.

٥ـ وێنەی شاشەی کۆمپیوتەرەکەت بگرێ.

٦ـ کۆمپیوتەرەکەت بکوژێنێتەوە و هەڵی بکاتەوە.

٧ـ سڕینەوەی هەندێ لە (پەڕگە file)کانی ناو کۆمپیوتەرەکەت.

هەر بە هەمان تروجان دەتوانێ چەندین شتی تری زیانبەخش ئەنجام بدات. لەوانەیە هەندێ جار کۆمپیوتەرەکەت کۆنترۆل کرابێ، تۆ ئاگات لێ نەبێ، چونکە کاتێ کەسێ بەهۆی بەرنامەی (NetBus) کۆمپیوتەرەکەت دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، تۆ ئەگەر دژەڤایرۆسێ بەکار نەهێنی ئەوە نازانی کە کۆمپیتەرەکەت لەژێر کۆنترۆڵی کەسێکی تردایە.

**چۆنێتیی خۆپاراستن لەم ترووجانە**

ترووجانێ ئەوەندە بەزیان بێ، دەبێ بێگومان هەوڵ بدەین خۆمانی لێ بپارێزین.

بیرکردنەوە لە چۆنێتیی خۆپاراستن و دانانی دژە ڤایرۆس خراپ نییە. بەو ڕێگەیەی خوارەوە دەتوانی بەرنامەی (NetBus) لە کۆمپیوتەرەکەت فڕێ بدەیتە دەرێ. بەرنامەی دژەڤایرۆسی (Panda Antivirus) و (Norton Antivirus) بە ئاسانی (NetBus) دەدۆزنەوە و دەیسڕنەوە.

یان ئەگەر دژەڤایرۆست نییە، ئەوە بەم شێوەیە بیسڕەوە:

١ـ کلیک لەسەر (Start) بکە.

٢ـ کرتە لەسەر (Run) بکە.

٣ـ پاشان لە (Run) بنووسە (regedit) پاشان (ok) کلیک بکە.

٤ـ (HKey_LOCAL_MACHINE) بە مشکەکەت دەستنیشان بکە، پاشان بە لاڕاستی مشکەکەت خاڵی پێنجەم ئەنجام بدە، (Search) کرتە بکە.

٥ـ پاشان (Search) کلیک بکە.

٦ـ لەوێدا بنووسە (NetBus). بۆی بگەڕێ و پاشان ئەگەر ترووجانەکەت لەوێدا دۆزییەوە ئەوە بیسڕەوە.

ئەوەی سەرەوە بۆ سڕینەوەی (NetBus) تەنها یەک ڕێگەیە و بێگومان شێوازی جیاواز هەن بۆ سڕینەوەی بەرنامەکە. وەک لە سەرەوە ئاماژەم بە دژە ڤایرۆس کرد، کە ئەویش ڕێگەچارەیەکی زۆر باشە بۆ سڕینەوەی ئەم ترووجانە.